حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پڕۆگرام و چاپەمەنییەکان

بابەتە کۆمەڵایەتییەکان

بۆ پۆلی
چوارەمی بنەڕەتی

دانانی
لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە

چاپی دوازدەهەم
٢٠١٦ زایینی– ١٤٣٧کۆچی – ٢٧١٦کوردی

پێداچونەوە و بژار کردن و سەرپەرشتی زانستی: ویسی صالح حمد ئەمین - عمر علی شریف

پێداچوونەوەی زمانەوانی : سادق ئەحمەد عوسمان

سەرپەرشتی هونەری چاپ : عثمان بیرداود کواز - خالد سلیم محمود

نەخشەسازی و بەرگ : امانج اسماعیل عبدي

جێبەجێکردنی بژاری هونەری: نێرگز نورالدین کاکە مصطفی

سەرەتاکانی جوگرافیـــا

بەشی یەکەم

زەوی

جوگرافیـــا

زانســـتێکە، لـە دیاردە سروشتی و مرۆییەکانی سەر رووی ئەم زەمینەمان دەکۆڵێتەوە وەك
(بەرزی ونزمی رووی زەوی ، دەریا و زەریاکان ، چالاکییە مرۆییـەکان
(کشـتوکاڵ، پیشەسـازی، بازرگانی وگواستنەوە هتد .....)).



نەخشەی ژمارە (١) رووی زەوی سروشتی

زانیاری پێویست :

گۆی زەوی لە ئاو و وشکانی پێک دێت، رووبەری ئاوییەکەی فراوانترە لە رووبەری وشکانی.
بەشی وشکانی گۆی زەوی لەچەند کیشوەرێک پێک دێت:(ئاسیا، ئەورپا، ئەفەریقیا، ئوسترالیا
ئەمەریکای باکور ، ئەمەریکای باشور ، ئەنتاریکتیکا (جەمسەری باشور)).
بەشی ئاوی لە گۆی زەوی دەریا و زەریاکان دەگرێتەوە، وەک:
(زەریای مەنگ (پاسفیک) ، زەریای ئەتڵەسی ، زەریای هیندی ، زەریای بەستەڵەکی باکور).

ئاڕاســـــتەکان



بريتييە لە چوار قۆڵى زانراوى سەرەكى پێكهاتوون لە (بـاكور ، باشـور ، خۆرهـەڵات ، خۆر ئاوا) لەگەڵ ناوەندەكانيان (باكورى خۆر هەڵات ، باشورى خۆر هەڵات ، بـاكورى خۆر ئاوا ، باشورى خۆر ئاوا)



چالاكى

ئايا دەتوانى وڵاتەكەى خۆت لەسەر نەخشەى ژمارە (١) بدۆزيتەوە؟

زانيارى پێويست :

هەرێمى كوردستان وڵاتى ئێمەيە، دەكەوێتە بەشى باكوور و باكوورى خۆرهەڵاتى عێراق .

ڕووی زەوی

بەرزی و نزمی زەوی :

چیا

بارستاییەکی بەرز و گەورەی زەوییە، لە ئاستی زەوییەکانی دەوروپشتیەوە بەرزترە ، لێوارەکانی لێژن، لوتکەیەك یان زیاتر لە لوتکەیەکی هەیە, بە چەند شێوەیەك دەردەکەون وەك: زنجیرە چیا و چیای تەنها کە لە ئەنجامی تەقینەوەی گڕکانەکان دروست دەبن.

وێنەی زنجیرە چیا

وێنەی تاکە چیا

مامۆستای بەڕێز:

(هەوڵبدە هەردوو شێوە چیاکان بە نموونە بۆ قوتابییان ڕونبکەرەوە).

بـــــــــان

ڕووبەرێکی بەرزاییە و سەری تەختانییە و بێ لوتکەیە، وەکو بانی مقان لە چەمچەماڵ و بـانی تارین و سـەربەن لە هەولێر، بانی کەرکوك و بانی موسڵ....هتد

وێنەی بان

گــــــــرد

لە ڕواڵەتدا لە چیا دەچێت، بەڵام زۆر بەرز نییــە، وەك چــیا لێوارەكــانی زۆر لێــژنین، وەك كۆمەڵە گردۆڵكەكانی حەمرین ، كە سنوری هەرێمی كوردستان لە بەشــەكانی ناوەراســت و باشوری عێراق جیادەكاتەوە .

وێنەی گرد

دەشـــت

ناوچەیەکی تەختایی و فراوانە لەسەر ڕووی زەوی، بەرزایی کەمە، وەك (دەشتی هەولێر، دەشتی شارەزوور ،دەشتی بیتوێن ، دەشتی سندی ، دەشتی حەمرین) .

وێنەی دەشت

چالاکی:

قوتابی خۆشەویست: تۆش هەوڵبدە ناوی چەند دەشتێکی دیکە بنووسیت .

چالاکی:

ناوی چەند چیایەك بنووسە لە ناوچەکەی خۆت نزیك بێت .

زانیاری پێویست :

دەشت زەوییەکی بەپیتە و بۆ چاندن و ئاژەڵداری و نیشتەجێبوون سوودی هەیە، زۆرترین بەرهەمی خۆراك لە دەشتەکان دەست دەکەوێت .

دۆڵ

ناوچەیەکی نزمایی تەسکە کەوتۆتە نێوان دوو بەرزایی یا دەکەوێتە نێوان دوو شاخ.

دیمەنی دۆڵ

وێنەی گوندێکی دۆڵ

بیابـــان

ناوچەیەکی وشکانییە، ژیانی تێدا ئاسان نییە (بۆ مرۆڤ وگیانلەبەران)، لەڕووی ئاو و هەواوە (پلەی گەرمی، شێ، با، تیشکی خۆر) ڕووی زەوییەکەی بە زۆری بە تەپۆڵە لم و زیخ داپۆشراوە.

وێنەی بیابان و تەپۆلکەلماویەکان

چالاکی :

دەتوانی ناوی بیابانێکمان بۆ بنووسی کە لەکوردستاندا هەبێت؟ ئەگەر لە کوردستاندا نەبوو، نموونەیەك لە عێراق بهێنەوە .

زانیاری پێویست :

ژیانی بیابان نشینەکان جێگیرنییە هەردەم بەدوای ئاو و لەوەڕدا دەگەڕێن بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵەکانیان. بە زۆری حوشتر و مەڕومالات بەخێودەکەن .

مامۆستای بەڕێز :

هەوڵبدە لەسەر ئەم بابەتە بە وردی پلەی گەرما و باو بارانی ئەم دەڤەرە بۆ قوتابییان ڕونبکەرەوە.

ڕووەكــــی خۆڕســـــك

ڕووەكی خۆڕسك هەموو ئەو گژو گیاو دارستانانە دەگرێتەوە كە لـە خۆیانەوە دەڕوێن، بێ ئەوەی مرۆڤ دەستی لـە ڕواندنیاندا هەبێت. ئاو و هەوا و خاك و بەرزی و نزمـی كاریگەریان هەیە لـە گەشەكردنیدا.

وێنەی دارستانی كەمەرەیی

دارستانی سنەوبەری

دارستانێکی کوردستان

چالاکی :

ئەگەر سەیری هەر سێ وێنەی ڕووەکی خۆڕسك بکەیت ، چ جیاوازییەك بەدی دەکەیت؟

مامۆستای بەڕێز :

کاریگەری ئاو و هەوا و خاك بۆگەشەکردنی ڕووەکی خۆڕسك بۆ قوتابییان ڕوونبکەرەوە .

ڕاهێنان :

ناوی چەند ڕووەکێکی خۆڕسك بنووسە بە تایبەتی لە وەرزی بەهاراندا کە لە کوردستان خەڵك بۆ خۆراکی خۆیان بەکاری دەهێنن.

گرنگی رووەکی خۆڕسك

١-ژینگە لە پیسبوون دەپارێزێت.
٢-پلەی گەرمی لە هاویندا دادەبەزێنێت.
٣-زەوی لە داماڵین و رووتانەوە دەپارێزێت.
٤-جوانی دڵڕفێن بە ژینگە دەبەخشێت.
٥-رووبەری سەوزایی فراوان دەکات.
٦-سێبەر و سابات دابین دەکات بۆ گەشت و سەیران و پشوودان.
٧-سوودی ئابووری زۆرە.
٨-سوودی پزیشکی هەیە بۆ بەرهەمهێنانی داودەرمان.

دیمەنی سروشتی رووەکی خۆڕسکی کوردستان.

چالاکی:

ئایا رووەکی خۆڕسك لەهەموو شوێنێك وەك یەكە ؟

مامۆستای بەڕێز:

یارمەتی قوتابییان بدە بۆ دۆزینەوەی هۆیەکانی وێکنەچونی رووەکە خۆڕسکەکان.

بەشی دووەم

ســــەرچاوەکانی ئاو

ئاو سەرچاوەی ژیانە، بۆ مرۆڤ و رووەك و گیانداران.

ئاو بە دوو شێوە دەردەکەوێت ، ئاوی سەرزەوی و ئاوی ژێرزەوی .

ئاوی سەرزەوی: بە شێك لەو باران و بەفرەی کە دەتوێتەوە، بەسەر رووی زەویدا دەڕوات و ئاوی سەرزەوی لێ پێکدەهێنێت .

وەك : جۆگە و رووبار و دەریاچە و گۆمەکان و زۆنگا و زەلکاو هتد....... .

بـــــاران

بەهۆی تیشکی خۆر ئاوی دەریا و زەریاکان گەرم دادێت و دەبێت بە هەڵم، بەهۆی با لەسەر رووبەرە ئاوییەکان بۆ وشکانی دەخشێ، چونکە سووکە بەرز دەبێتەوە، کە بەرزبووە، بەرەبەرە چڕدەبێتەوە و کێشی گران دەبێت ئینجا دادەبارێتە سەر زەوی.

بـــــەفر

بەفریش هەر وەکو باران هەڵی ئاو لە دەریاو زەریا و رووبەرە ئاوییەکان دێت بەڵام بەهۆی دابەزینی پلەی گەرمی لەچینە بەرزەکانی ئاسمان دڵۆپە ئاوەکان و دەبەستێت و بەشێوەی کلۆی بەفر دادەبارێت .

چالاکی :

ئاوی سەر زەوی لەچی پێك دێت؟

زانیاری پێویست :

باران بارین لە هەموو جیهاندا وەك یەك نییە، ناوچە هەیە بە درێژایی ساڵ بارانی لێ دەبارێت و هەشیانە بە هاوین دەبارێت، لای خۆشمان لە کوردستان بە زستان و بە بەهار و پایزان باران دەبارێت.

وێنەی رووبار

وێنەی کانی

گۆم

وێنەی بەنداوی دوکان

زانیاری پێویست :
لە کوردستان چەند بەنداوێکمان هەیە ئاوی تێدا گلدەدرێتەوە بۆ وەرزی کەم ئاوی (هاوین) بەکاری دەهێنین و مەترسی لافاویش کەم دەکاتەوە ، وزەی کارەباشی لێ بەرهەم دەهێنرێت وەك بەنداوی دوکان و دەربەندیخان .

بەنداو:
رووبەرێکی فراوانی ئاوە، حکومەت دایمەزراندووە بۆ گلدانەوەی ئاوی بەفرو باران . وەکو بەنداوی دوکان و دەربەندیخان.

راهێنان:
سودەکانی بەنداو
١- -------------
٢- -------------
٣- -------------
٤- -------------

چەند نموونەیکی دیاردەی ئاوی

لافـــاو

هەستانی ئاوە، کە زەوی دەورووپشتی ئاوەڕۆ و رووبارەکان دادەپۆشێت، ئەمەش لـە ئەنجامی باو بۆرانی زۆرەوە پەیدا دەبێت، مەترسی دەخاتە سەر ژیانی دانیشتوان.

زانیاری:

باوبۆرانی ناوچەکانی کەمەری زەوی ساڵانە زیانی زۆر بەدانیشتوانی ئەم ناوچانە دەگەیەنێت.

وێنەی لافـاو

چالاکی :

هەوڵبدە زیانەکانی لافاو دیاری بکەیت.

تـــــاڤگە

هەندێ جار ئاو لە چەم و رووبارەکان، لـە شـوێنێکی بەرزەوە بـەرەو شـوێنێکی نـزم بـەخورِ دێتەخوارەوە پێی دەوترێ (تاڤگە).

وێنەی تاڤگە

قوتابی خۆشەویست : دەتوانی ناوی چەند تاڤگەیەك بنوسی؟

راهێنان:

هۆی وشك بوونی تاڤگەی گەلی عەلی بەگ چییە ؟ بۆچـی نـاو بـەناو ئـەم وشـك بوونـە روودەدات؟

تاڤگەی گەلی عەلی بەگ

ئاوی ژێرزەوی

بەشێك لە باران و ئاوی بەفری تواوە دەچێتە ناو ناخی زەوی و لە چینە نزمەکان گل دەخواتەوە، ئاوی ژێرزەوی پێك دەهێنێت، دوایی هەندێکی لە شوێنێکی نەرم و بێ هێز بەشێوەی کانی و سەرچاوە هەڵدەقوولێت. ئاوی ژێر زەوی سوودی زۆری بۆ مرۆڤ هەیە، بەکاری دەهێنین بۆ خواردنەوە و شۆرین و کشتوکاڵ و ئاودانی ئاژەڵ.

هاوینە هەواری بێخاڵ لە رەواندوز

زانیاری پێویست :

لە کوردستان لەبەر زۆری کانیاو و سەرچاوەکان، هاوینە هەواری زۆرمان هەیە، کە بۆتە جێگای سەرنجی گەشتیاران، داهاتێکی باش بۆ هاوولاتیانی دەڤەرەکە بەدەست دەهێنێت، وەکو هاوینە هەوارەکانی (ئەحمەداوە ، بێخاڵ و سۆلاڤ...هتد).

چالاکی :

بۆچی گەشتیارەکان لە هاویناندا روو لە هاوینە هەوارەکانی کوردستان دەکەن؟

بەشی سێیەم

وەرزەكانی ساڵ

ساڵ چوار وەرزە (زستان ، بەهار، هاوین ، پایز) لە وەرزی زستاندا بەفر و باران دەبارێت پلەی گەرمی نزم دەبێت .

وێنەی زستان

لەكاتی بەفر بارین لە ناو شارەكان منداڵان یاری بە بەفر دەكەن .

راهێنان:

ئایا زۆرترین بەفر بارین لە چ مانگێك دادەبارێت؟ (كانوونی دووەم) (شوبات) (ئادار) (كانوونی یەكەم).

بەهۆی باران و توانەوەی بەفر ئاوی سەر زەوی و ژێرزەوی زۆر دەبێت .

بـــەهـــار

ئـاو و هـەوا فێنکـە و گـژوگیا گەشـە دەکـات، زەوی وەك رایـەخێکی سـەوزی لێـدێت، هاوولاتیان لـە شارەکان دەردەچن، ڕوو لـە سەیرانگەکان دەکەن .

وێنەی دیمەنی بەهار

جەژنی نەورۆز

جەژنێکی کۆنی نەتەوەی کوردە، مژدەی سەرەتایی هاتنی وەرزی بەهاری پێیە، لە بەرەبەیانی (٢١) بیست و یەکی ئاداردا هاووڵاتیانی شار و لادێیەکان ئاهەنگ و خۆشی وشایی دەگێڕن، تا درەنگانێکی ڕۆژێ، بۆنی گوڵ و نێرگزی کوردستان هەڵدەمژن و ئێوارەش بەرەو ماڵەوە دەگەڕێنەوە.

چالاکی :

ڕۆژی نەورۆز بۆ کوێ چوویت؟ چۆن ئەم ڕۆژەت بەسەر برد؟ هەستت بەچی کرد؟

ڕاهێنان

ئەم دەستە واژانە بەم وشانە تەواو بکە (سارد، باران و بەفر، فێنك، سووك)

١ – لە وەرزی زستاندا ئاو و هەوا (-----) و ------ دەبارێت ئاو زۆردەبێت.

٢– لەوەرزی بەهاردا پلەی گەرمی (----) دەبێت و دانیشتوان جلی (-----) لەبەردەکەن.

وێنەی هەرچوار وەرزی ساڵ

هـــاوين

ئاو و هەوا گەرم دەبێت، باران نا بارێت، هاولاَتیان بۆ خۆ رزگارکردن لــە گــەرمای هــاوین ڕوو لە هاوینە هەوارەکان دەکەن، یا لـە ماڵەوە هۆیەکانی فێنك کەرەوە بە کاردەهێنن.

پـــایز

ئاو و هەوا مامناوەندی دەبێت و بەرەو ساردی دەچێت، میوەجات پێدەگات .

وێنەی پایز

زانیاری پێویست :

ئاو و هەوا لـەم توخمانە پێکدێت (پلـەی گەرمی ، بایەکان ، داباریـن ، پاڵەپەستۆی هەوا).

بەشی چوارەم

دانیشتوان

بۆ ئەوەی ئاشنایی جۆری نیشتەجێبوونی هاوولاَتیان ببین، پێوستمان بە زانینی شێوازی ژیانی شار و لادێ و کۆچەریەکان هەیە.

وێنەی شاری کەرکووک

شەقلاوە

شـــــار

ژمارەیەکی زۆر لە خانووبەرە و دام ودەزگە وەك (قوتابخانە، خوێندنگە، زانکۆ ، تەلار ، ڕێگە و بان وپردی یەکتر بڕ)ی تێدایە، دانشتوانی زۆرە، بە کارو پیشەی جۆراو جۆر خەریکن.

شاری هەولێر

شاری سلێمانی

شاری دهۆك

چالاكی :

ناوی شارەكەی خۆت بنوسە، ئینجا وێنەیەكی جوانی بخە ناو پەڕی كتێبەكەت.

زانیاری پێویست :

هەرێمی كوردستانی عێراق دەكەوێتە بەشی باكوور و باكووری ڕۆژهەلاتی عێراق، زۆربەی دانیشتووانی كوردن و نەتەوەی دیكەی وەك عەرەب و توركمان و كلدۆ ئاشوری لیَ دەژین، لە شارە گەورەكانی وەكو (كەركوك، هەولێر ،سلێمانی ، دهۆك) و گەلیَ شاری بچوكیشی هەیە ،لادێی زۆریشی تێدایە، بەكاری جۆراو جۆر خەریكن .

ژمارە (٢)

نەخشەی کارگێڕی هەرێمی کوردستانی عێراق

ڕاهێنان

١- ناوی شارەگەورەکانی هەرێمی کوردستان بنوسە .

٢- کامە شاری کوردستان بەرکیمیابارانی ڕژێمی بەعسی کەوتووە؟ کە بووە هێمای خەبات و قوربانیدانی گەلی کورد؟

لادێ و گوند

ڕووبەرێکی بچوکتر و خانووبەرەی کەمتری تێدا هەیە، زۆربەی دانیشتووانی بەکاری کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەوە خەریکن .

وێنەی جووتکردنی سەرەتای

دروێنە بەئامێر

زانیاری پێویست :

لە ئەنجامی سیاسەتی دڕندانەی ڕژێمە یەك لە دووایەکەکانی عێراق گەورەترین زیان بەرگوندەکان کەوتووە زیاتر لە (٤٥٠٠) گوند روخێندراوەو سوتێندراون ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانەکانیان کە بە (١٨٢٠٠٠) هەزار کەس مەزەندە دەکرێت لە زێدی باوباپیرانیان دەستگیرکران و لەبیابانەکانی خۆرئاوای عێراق زیندە بە چاڵ کران، لە ژێرناوی (ئەنفال)، کە بە گەورەترین تاوان دادەنرێت لە مێژووی نویٰ دژی گەلی کورد لە عێراق. لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ گوندەکان بەرەبەرە ئاوەدان دەکرێنەوە.

کۆچەر (دەوارنشین) :

ئەم کۆچەرانە ژمارەیان لە گوندنشینەکان کەمترە، خەریکی بەخێوکردنی مەڕ و ماڵاتن کوێستان و گەرمیان دەکەن بۆ پەیداکردنی ئالیکی مەڕو و ماڵاتەکانیان، ژیان لەناو ڕەشماڵ بەسەر دەبەن. بەڵام ئێستا ژمارەیان لە کەم بوون دایە بەهۆی نیشتەجیٰ بوونیان لە شار و گوندەکاندا.

وێنەی ڕەشماڵ

چالاکی :

ڕەشماڵ ماڵی کۆچەریانە (ڕەوەند) ، لەمووی بزن دروست دەکرێت .

مێـــــــژوو

بەشی یەکەم

سالنامە

سالنامە چییە ؟

نووسراوێکی سەر دیوار یان سەرمێزە ، ڕۆژ و مانگ و سالی تێدا دیار دەکرێت .

هەر کاتێ ویستمان زانیاری دەربارەی ڕۆژ و مانگ و سالّ وەربگرین ، دەگەڕێینەوە بۆ ئەو خشتەیەی کە لە ناو سالنامەکان نەخشێنراوە .

ئەو سالنامانەی کە لەلای ئێمە (هەرێمی کوردستان) پەیرەو دەکرێت سێ جۆرن :

سالنامەی زایینی / سالنامەی کۆچی / سالنامەی کوردی .

سالنامەی زایینی / ئەو سالنامەیە کە دونیای سەردەم بەکاری دەهێنێت و لە هەموو سالنامەکانی دیکە زیاتر لە هەرێم بەکار دەهێنرێت لە دام و دەزگاکانی میری و ژیانی ڕۆژانەماندا .

ڕاهێنان

١- ڕۆژانە لە کاتی دەوامی قوتابخانەکەت پشت بە چ سالنامەیەك دەبەستیت ؟

٢- پشووی هەفتانەت لە چ ڕۆژێکە ؟

مانگەکانی ساڵی زایینی

1 January کانوونی دووەم

هەینی	پێنجشەممە	چوارشەممە	سێشەممە	دووشەممە	یەکشەممە	شەممە
2	1					31
9	8	7	6	5	4	3
16	15	14	13	12	11	10
23	22	21	20	19	18	17
30	29	28	27	26	25	24

2 February شوبات

هەینی	پێنجشەممە	چوارشەممە	سێشەممە	دووشەممە	یەکشەممە	شەممە
6	5	4	3	2	1	
13	12	11	10	9	8	7
20	19	18	17	16	15	14
27	26	25	24	23	22	21
						28

3 March ئـــادار

هەینی	پێنجشەممە	چوارشەممە	سێشەممە	دووشەممە	یەکشەممە	شەممە
6	5	4	3	2	1	
13	12	11	10	9	8	7
20	19	18	17	16	15	14
27	26	25	24	23	22	21
			31	30	29	28

4 April نیسـان

هەینی	پێنجشەممە	چوارشەممە	سێشەممە	دووشەممە	یەکشەممە	شەممە
3	2	1				
10	9	8	7	6	5	4
17	16	15	14	13	12	11
24	23	22	21	20	19	18
	30	29	28	27	26	25

5 May ئایار

هەینی	پێنجشەممە	چوارشەممە	سێشەممە	دووشەممە	یەکشەممە	شەممە
1					31	30
8	7	6	5	4	3	2
15	14	13	12	11	10	9
22	21	20	19	18	17	16
29	28	27	26	25	24	23

6 June حوزەیران

هەینی	پێنجشەممە	چوارشەممە	سێشەممە	دووشەممە	یەکشەممە	شەممە
5	4	3	2	1		
12	11	10	9	8	7	6
19	18	17	16	15	14	13
26	25	24	23	22	21	20
			30	29	28	27

7 July تەممـــووز

هەینی	پێنجشەممە	چوارشەممە	سێشەممە	دووشەممە	یەکشەممە	شەممە
3	2	1				
10	9	8	7	6	5	4
17	16	15	14	13	12	11
24	23	22	21	20	19	18
31	30	29	28	27	26	25

8 August ئـــاب

هەینی	پێنجشەممە	چوارشەممە	سێشەممە	دووشەممە	یەکشەممە	شەممە
7	6	5	4	3	2	1
14	13	12	11	10	9	8
21	20	19	18	17	16	15
28	27	26	25	24	23	22
				31	30	29

9 September ئەیلول

هەینی	پێنجشەممە	چوارشەممە	سێشەممە	دووشەممە	یەکشەممە	شەممە
4	3	2	1			
11	10	9	8	7	6	5
18	17	16	15	14	13	12
25	24	23	22	21	20	19
		30	29	28	27	26

10 October تشرینی یەکەم

هەینی	پێنجشەممە	چوارشەممە	سێشەممە	دووشەممە	یەکشەممە	شەممە
2	1					31
9	8	7	6	5	4	3
16	15	14	13	12	11	10
23	22	21	20	19	18	17
30	29	28	27	26	25	24

11 november تشرینی دووەم

هەینی	پێنجشەممە	چوارشەممە	سێشەممە	دووشەممە	یەکشەممە	شەممە
6	5	4	3	2	1	
13	12	11	10	9	8	7
20	19	18	17	16	15	14
27	26	25	24	23	22	21
				30	29	28

12 December کانوونی یەکەم

هەینی	پێنجشەممە	چوارشەممە	سێشەممە	دووشەممە	یەکشەممە	شەممە
4	3	2	1			
11	10	9	8	7	6	5
18	17	16	15	14	13	12
25	24	23	22	21	20	19
	31	30	29	28	27	26

(ساڵنامەی زایینی)

مامۆستای بەڕێز :

بۆ قوتابییەکانت ڕوونبکەرەوە کە ساڵنامەی زایینی لە چییەوە هاتووە .

ڕاهێنان :

هەفتە حەوت ڕۆژە ، شوێنە بەتاڵەکان بە ڕۆژە نادیارەکان پڕ بکەوە :

شەممە ، .... ، .... ، سێ شەممە ، .... ، .... ، هەینی .

ناوی مانگەکانیساڵی زایینی

کانونی دووەم	شوبات	ئادار	نیسان	ئایار	حوزیران
تەموز	ئاب	ئەیلول	تشرینی یەکەم	تشرینی دووەم	کانونی یەکەم

ڕاهێنان :

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە:

١- ئایا دەزانی هەموو ساڵێ دەرگای قوتابخانەکان لە چ مانگێك دەکرێتەوە ؟.

٢- پشووی فەرمی خوێندن لە زستان لە چ مانگێك دەست پێدەکات ؟.

٣- ڕۆژی منداڵان دەکەوێتە کام مانگ؟.

٤- ڕۆژی ژینگەی کوردستان لە چ مانگێکە؟ بۆچی ئەم ڕۆژەیان دیاری کردووە؟.

ڕۆژی شەهیدانی زانکۆ:

بۆ ڕێزلێنان لەقوربانیان بۆردمانی زانکۆی سلێمانی لە قەڵادزێ ساڵی ١٩٧٤ لەلایەن ڕژێمی بەعسی لەناوچوو.

(٢٤) نیسانی هەموو ساڵێك کرا بەڕۆژی شەهیدانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان.

لەم ڕۆژە فڕۆکەکانی ڕژێم بە بۆمبی ناپاڵمی قەدەغەکراوی نێو دەوڵەتی قەڵادزێیان بۆردمان کرد، قوربانیانی ئەم بۆردمانە دڕندانەیە (١٦٣) خوێندکارو قوتابی و ژن ومنداڵ و پیر شەهید بوون، پتر لە (٢٥٠) هاوڵاتیش بریندار بوون و شارەکەش وێرانکرا.

وێنەی قوتابخانە

مامۆستا ئامۆژگاری قوتابییەکان دەکات

زانیاری :

١- سەرەتای دەستپێکردنی ساڵنامەی زاینی بە لە دایکبوونی عیسا پێغەمبەر (سەلامی خودای لێبێت) دەست پێدەکات و دەکرێتە دوانزە مانگ ، ژمارەی ڕۆژەکانی ساڵی زاینی ٣٦٥ ڕۆژ و چارەکە ڕۆژێك، بەهەر چوار ساڵ جارێك دەبێتە ٣٦٦ ڕۆژ ، پێی دەوترێت ساڵی کەبیسە.

٢-لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ گەلی کوردستان دژ بە ڕژێمی عێراق ڕاپەڕی ، لە ئەنجامدا زۆربەی ناوچەکانی کوردستان لە دەستی ستەم و زۆرداری ڕژێمی دڕندە رزگارکران.

ساڵنامەی کوردی

ئەم ساڵنامەیە تایبەتە بە مێژووی گەلەکەمان لە کوردستان . سەرهەڵدانی ئەم ساڵنامەیە دەگەڕێتەوە بۆ (٧٠٠ ساڵ پێش زایین) کە مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی مادی کوردییە(میدیا). بۆتە سەرەتای ساڵنامەی کوردی .

زانیاری :

مادەکان باپیرانی گەلی کوردن زیاتر لە ٥٠٠٠ پێنج هەزار ساڵ پێش زایین ، لەم ناوچەیە ژیاون و شارستانیەت و دەوڵەتیان دامەزراندوە،پایتەختەکیان شاری ئەکباتانا(هەمەدان) بووە. لە ساڵی ٥٥٠ پێش زایینی دەوڵەتەکەیان بە دەستی پاشای ئەخمینیەکان (کورش) لە ناوچووە .

نموونەیەك لە شارستانییەتی مادەکان

مامۆستای بەڕێز :

ئەم زانیارییانە بۆ قوتابییەکانت شیبکەوە .

بۆ زانینی سالنامەی کوردی ۷۰۰ سالّ+ ۲۰۱۱ سالّی زاینی = ۲۷۱۱ سالّی کوردی.

زانیاری :

ڕۆژی یەکەمی سالّی کوردی لە ۲۱ ئاداریی هەموو سالّێك دەست پێدەکات ، کە دەکاتە یەکەم ڕۆژی نەورۆز ، مژدەی خۆشی بەهار لەگەلّ خۆیدا دەهێنێت وکۆتایی بە سەرما و سۆلّی زستان دەهێنێت.

مانگەکانی ساڵی کوردی

خاکە لێوە (نەورۆز)	گوڵان	جۆزەردان	پوشپەڕ	خەرمانان	گەلاوێژ
ڕەزبەر	گەڵاڕێزان	سەرماوەرز	بەفرانبار	ڕێبەندان	ڕەشەمێ

چالاکی :

خانە بەتاڵەکان بە ناوی مانگەکان پڕبکەوە :-

خاکە لێوە (نەورۆز)			پوشپەڕ		
			بەفرانبار		ڕەشەمێ

مانگەکانی ساڵی کوردی

نەورۆز (خاکەلێو) 2709

هەینی	پێنج شەممە	چوار شەممە	سێ شەممە	دوو شەممە	یەک شەممە	شەممە
7	6	5	4	3	2	1
14	13	12	11	10	9	8
21	20	19	18	17	16	15
28	27	26	25	24	23	22
				31	30	29

گوڵان (بانەمەڕ) 2709

هەینی	پێنج شەممە	چوار شەممە	سێ شەممە	دوو شەممە	یەک شەممە	شەممە
4	3	2	1			
11	10	9	8	7	6	5
18	17	16	15	14	13	12
25	24	23	22	21	20	19
	31	30	29	28	27	26

جۆزەردان 2709

هەینی	پێنج شەممە	چوار شەممە	سێ شەممە	دوو شەممە	یەک شەممە	شەممە
1					31	30
8	7	6	5	4	3	2
15	14	13	12	11	10	9
22	21	20	19	18	17	16
29	28	27	26	25	24	23

پووشپەڕ 2709

هەینی	پێنج شەممە	چوار شەممە	سێ شەممە	دوو شەممە	یەک شەممە	شەممە
5	4	3	2	1		
12	11	10	9	8	7	6
19	18	17	16	15	14	13
26	25	24	23	22	21	20
		31	30	29	28	27

خەرمانان 2709

هەینی	پێنج شەممە	چوار شەممە	سێ شەممە	دوو شەممە	یەک شەممە	شەممە
2	1					31
9	8	7	6	5	4	3
16	15	14	13	12	11	10
23	22	21	20	19	18	17
30	29	28	27	26	25	24

گەلاوێژ 2709

هەینی	پێنج شەممە	چوار شەممە	سێ شەممە	دوو شەممە	یەک شەممە	شەممە
6	5	4	3	2	1	
13	12	11	10	9	8	7
20	19	18	17	16	15	14
27	26	25	24	23	22	21
			31	30	29	28

ڕەزبەر 2709

هەینی	پێنج شەممە	چوار شەممە	سێ شەممە	دوو شەممە	یەک شەممە	شەممە
3	2	1				
10	9	8	7	6	5	4
17	16	15	14	13	12	11
24	23	22	21	20	19	18
	30	29	28	27	26	25

گەلارێزان (خەزەلوەر) 2709

هەینی	پێنج شەممە	چوار شەممە	سێ شەممە	دوو شەممە	یەک شەممە	شەممە
7	6	5	4	3	2	1
14	13	12	11	10	9	8
21	20	19	18	17	16	15
28	27	26	25	24	23	22
					30	29

سەرماوەز 2709

هەینی	پێنج شەممە	چوار شەممە	سێ شەممە	دوو شەممە	یەک شەممە	شەممە
5	4	3	2	1		
12	11	10	9	8	7	6
19	18	17	16	15	14	13
26	25	24	23	22	21	20
			30	29	28	27

بەفرانبار 2709

هەینی	پێنج شەممە	چوار شەممە	سێ شەممە	دوو شەممە	یەک شەممە	شەممە
3	2	1				
10	9	8	7	6	5	4
17	16	15	14	13	12	11
24	23	22	21	20	19	18
	30	29	28	27	26	25

ڕێبەندان 2709

هەینی	پێنج شەممە	چوار شەممە	سێ شەممە	دوو شەممە	یەک شەممە	شەممە
1						30
8	7	6	5	4	3	2
15	14	13	12	11	10	9
22	21	20	19	18	17	16
29	28	27	26	25	24	23

ڕەشەمێ 2709

هەینی	پێنج شەممە	چوار شەممە	سێ شەممە	دوو شەممە	یەک شەممە	شەممە
6	5	4	3	2	1	
13	12	11	10	9	8	7
20	19	18	17	16	15	14
27	26	25	24	23	22	21
				30	29	28

ساڵنامەی کوردی

چالاکی :

خۆشترین، یان ناخۆشترین ڕۆژ لە نێو مانگە کوردییەکان ، بۆیان گێڕابێتەوە یاخۆت دیتبێتت و کاری تێکردبێت، دیاری بکە و بۆ هاوڕێکانتی بگێڕەوە .

وێنەی کۆڕەوی ١٩٩١

ڕاهێنان :

ڕۆژی کۆڕەوە مەزنەکەی گەلی کورد لە ئاداری ١٩٩١، دانیشتوانی کوردستان بە تێکڕا ماڵ و سامانی خۆیان جێهێشت و بەرەو چارەنوسێکی نادیار بەڕێکەوتن تەنها بۆ ئەوەی سەر بۆ ڕژێمێکی دڕندە شۆڕ نەکەن.

ئایا ئەنجامی ئەم کۆڕەوە مەزنە بۆ گەلی کوردستان چی بوو؟.

زانیاری :

١٤ نیسانی ١٩٨٨ چوار شارۆچکەی گەرمیان لە یەك ڕۆژدا بە تەواوەتی وێران کران و نزیکەی بیست هەزار ژن و منداڵ و پیاوی کورد ڕەوانەی سەربازگەکانی لەناوبردن کران. بۆیە لەبەر گەورەیی تاوانەکە و زۆری زیانەکانی ئەم ڕۆژە کراوەتە ڕۆژی یادکردنەوەی تاوانە گەورەکەی ئەنفال لە کوردستان.

ساڵنامەی کۆچی

ئەم ساڵنامەیە (ساڵنامەیەکی ئیسلامییە ، لەو ڕۆژەوە دەست پێدەکات کە (محمد) پێغەمبەر(د.خ) لە مەککەوە بۆ مەدینە (یثرب) کۆچی کرد ، بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام و خۆ ڕزگار کردن لە دەست ستەم و زۆرداری قورەیشیەکان لە شاری مەککە . ئەو ڕۆژە لە سەردەمی خەلیفە (عومەری کوری خەتاب) (ر.خ) پەیرەو کرا.

وێنەی شاری مەککە

مانگەکانی ساڵی کۆچی :

موحەرەم	سەفەر	رەبیعی یەکەم	رەبیعی دووەم	جەمادی یەکەم	جەمادی دووەم
رەجەب	شەعبان	رەمەزان	شەوال	ذولقەعدە	ذو لحەجە

ڕاهێنان :

١- یەکەم ڕۆژی ڕۆژو گرتن دەکەوێتە کام مانگ ؟

٢- چەند یاد و جەژنێکی ئایینی دیاری بکە ؟

مانگەکانی ساڵی کۆچی

سالنامەی کۆچی

چالاکی :

ناوی چوار مانگی ساڵی کۆچی لە خانە بۆشەکان بنوسە :

موحەرەم	سەفەر		رەبیعی دووەم	جەمادی یەکەم	
		رەمەزان	شەوال	ذولقەعدە	ذو لحەجە

بەشی دووەم

شاره دێرینەکانی هەرێمی کوردستان

کوردستان وڵاتێکی دێرینە ، چەندان شاری کۆن و مێژوویی گرتۆتە خۆ .

هەولێر

شارێکی دێرینی کوردستانە کەوتۆتە پێدەشتێکی فراوان بۆ یەکەم جار لە مێژوو ناوی ئەم شارە لە نوسینەکانی پاشایەکی سۆمەری لە ساڵی (٢٠٠٠)دوو هەزار پێش زاین بە ناوی ئوربیلم هاتووە. دەرکەوتنی شارستانیەتی ئەم شارە دەگەڕێتەوە بۆ(٦٠٠٠) شەش هەزار ساڵ پێش زایین. هەولێر گەلێ ڕووداوی گەورەی بەخۆوە دیوەوە و گەلێ ناوداری تێدا هەڵکەوتووە، کە خزمەتی شارستانیەت و مرۆڤایەتییان کردوە، ئێستاش پایتەختی هەرێمی کوردستانە.

قەڵای هەولێر

زانیاری :

لە ساڵی (٣٣١) سێسەدوسیویەك پێش زایین (پ.ز) پاشای مەکدۆنییەکان (ئەسکەندەری گەورە) بەسەر (داریۆشی سێیەم) پاشای ئەخمینیەکان لە نزیك هەولێر لە شەڕی (گۆگامیلا) (ئەربیلا)سەرکەوت .

وێنەی منارەی موزەفەریە (چۆلی) لە شاری هەولێر

کەرکوك

شارێکی دێرینی کوردستانە لەسەر قەڵایەك بنیادنراوە ، لە مێژووی کۆن بە ناوی (ئارابخا) ناسراوە ئەم ناوەش بۆ یەکەمین جار لەسەردەمی پاشای بابلی حامورابی ناوی هاتووە ماوەیەکی زۆر پایتەختی گوتییەکان بووە .

وێنەی قەڵای کەرکوك

زانیاری :

کەرکوك لە کۆن و ئێستا بایەخێکی زۆری هەبووە و هەیە چونکە هەمیشە مەڵبەندێکی ئاوەدانی گرنگ بووە، بۆیە بەر لێشاوی رژێمە درندەکانی پێشووکەوتووە و دانیشتوانەکەی کە زۆربەی کوردن, وەبەر دەرکردن و گواستنەوە و بەعەرەبکردن و ئەنفالکردن کەوتوون .

چالاکی :

مامۆستای بەرێز :

دەکرێت چالاکییەك بە قوتابییان ئامادە بکەیت لە بارەی ئەمرۆی کەرکوك .

زانیاری :

کەرکوك بە سامانی نەوت دەوڵەمەندە .

سـلێمانی

پایتەختی میرنیشینی بابانەکان بـووە . یەکێکـە لـە شـارە گـەورەکانی کوردسـتان و مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری و کارگێڕی گرنگە .
گەلێک شاعیر و کەڵە مێردی ناوداری کوردی تێدا هەڵکەوتووە .

وێنەی شاری سلێمانی

زانیاری :
شاری سلێمانی لە ساڵی(١٧٨٤)هەزار و حەوسەد و هەشتاو چواری زاینی لەلایەن (ئیبراهیم پاشای بابان) بنیادنراوە ،پایتەختی حکومەت بووە لە سـەردەمی (مەلیك محمود) لە سەرەتای سەدەی بیستەم.

ڕاهێنان :
١– شاری سلێمانی لە دوای کوێ بووە بە پایتەختی میرنیشینی بابان ؟
٢– ناوی چەند ناودار و شاعیرێکی شاری سلێمانی بۆ هاورێکانت ڕوونبکەوە ؟

ئامێدی

یەکێکە لە شارە دێرینەکانی کوردستان کەوتۆتە سەر بانێکی بەرز ، ماوەیەکی زۆر قەڵاو پایتەختی میرنشینی بادینان بووە .



وێنەی شاری ئامێدی

زانیاری :

شاری ئامێدی پاشماوەی چەندین شوێنەواری مێژووی کۆنی تێدا ماوە : وەك دەروازەی شار و مزگەوت و خوێندنگە ئاینییەکان .

هەڵەبجە

دەکەوێتە مەڵبەندی دەشتی شارەزوور . لە (١٦ /٣/ ١٩٨٨) کەوتە بەر هێرشی کیمیابارانی رژێمی بەعس ، زیاتر لە (٥٠٠٠) پێنج هەزار قوربانی و پازدە هەزار بریندار لێکەوتەوە و شارەکەش خاپوور و وێرانکرا .

وێنەی شاری هەڵەبجە لەکاتی کیمیا باراندا

زانیاری :

وەك رێزلێنان بۆ گیانی قوربانیانی کیمبارانان لەلایەن رژێمی بەعس سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە حوزەیرانی ٢٠١٣ بریاری بەپارێزگاکردنی شاری هەڵەبجەی دەرکرد .

ڕاهێنان :

کاریگەری کیمیابارانی شاری هەڵەبجە چ پاشماوەیەکی خرابی لە دوای خۆی بەجێهێشتوە ؟ ئەمە بکە دارِشتن و لەگەڵ هاورێکانت گفتوگۆی لەسەر بکە .

زانیاری :

ڕەشە کوژی کورد لە لایەن بەعس و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی یەکێك بوو لە کارە هەرە نامرۆییەکانی، ئەم رژێمە و بۆتە پەڵەیەکی ڕەش لە نێوچەوانی داگیرکەرانی کوردستان. کە هەتا هەتایە مێژوو پێەوەی شەرمەزارە.

ڕەواندوز

قەلاّو پایتەختی میرینشینی سۆران بووە بە تایبەتی لە سەردەمی (میر محەمەدی پاشای گەورە). تووشی گەلێ کارەساتی گەورە هاتووە . وەك هێرشی سوپای رووس و عوسمانییەکان بۆ سەر دەڤەرەکەیان ، ڕێگایەکی سەرەکی کاروانچییان بووە ، کە هەمیشە بۆتە مایەی خێروخۆشی بۆ ئەم دەڤەرە .

تۆپەکەی وەستا رەجەب (رەواندوز)

وێنەی خەرەندی (رەواندوز)

زانیاری :

ڕەواندوز شوێنێکی بەرز و سەختە ، دوژمن بە ئاسانی نەیتوانیوە داگیری بکات .بۆیە کراوە بە پایتەختی میرنیشینی سۆران .

زاخـــــــــۆ

باژێری زاخۆ

شارێکی ناودار و مێژوویی دەڤەری بادینان و مەڵبەندێکی بازرگانی گرنگ بووە . دەروازەی سەرەکی رێگەی لە شکرکێشی هێزە جیاجیاکان بووە لە قۆناغە مێژووییەکان .

پردی دەلال لە زاخۆ

زانیاری :

لە شوێنە مێژوویەکانی زاخۆ کە تا ئێستاش مابێت و بەرچاو بێت پردی دەلالە لە زاخۆ .

چالاکی :

شاری زاخۆ دەروازەیەکی گرینگی بازرگانی هەرێمی کوردستانە لەگەڵ وڵاتی تورکیا و پردی پەیوەندی نێوان هەرێم و ئەوروپایە.

بەشی سێیەم

شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان

ئەشکەوتی شانەدەر

یەکێکە لە ئەشکەوتە دێرینەکانی کوردستان ، دەکەوێتە چیای برادۆست لە پارێزگای هەولێر. مرۆڤ لــە قۆناغەکانی پێش مێژوو لەم ئەشکەوتە ژیاون ، کە بە مرۆڤی (نیاندرتاڵ) ناسراوون.

ئەشکەوتی شانەدەر

مرۆڤی نیاندرتاڵ

ڕاهێنان :

مرۆڤ لە چ سەردەمێك لە ناو ئەشکەوتەکان ژیاون ؟

ئەشکەوتی هەزار مێرد

دەکەوێتە چیای (بەرانان) لە دووری (١٣) سێزدە کیلۆمەتر لە باشووری خۆرئاوایی شاری سلێمانی . مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی کۆن کە مرۆڤی کۆنی تێدا ژیاوە .

ئەشکەوتی هەزار مێرد لە سلێمانی

گوندی چەرمۆ

گوندی چەرمۆ دەکەوێتە سەر گردۆڵکەیەک بە بەرزی ٢٣م لە خۆرهەڵاتی شاری چەمچەماڵ لە پارێزگای کەرکوک،

لە مەڵبەندە سەرەکییەکانی نیشتەجێی مرۆڤ دادەنرێت لەدوای ژیانی ناو ئەشکەوت، لەم گوندە بۆ یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتی کشتوکاڵیان کردووە و ئاژەڵیان بەخێوکردووە، شوێنەواری مرۆڤ و ژیانی تێدایە. تەور و داس و شەنە و (دەستاڕیان بۆ هاڕینی دانەوێڵە بەکارهێناوە)، دە چینی یەکەمی ژێرەوەی گردەکە، مەزەندە دەکرێت بۆ سەردەمی چاخی بەردینی کۆن بگەڕێتەوە، ژنان خشلی لە قوڕ دروستکراو و بازنی مەرمەڕیان بەکارهێناوە بۆ خۆڕازاندنەوە، مردووەکانیشیان لەژێر خانووەکانیان ناشتووە. مێژووی گوندی چەرمۆ بۆ ٦٥٠٠ ساڵ پێش زاین دەگەڕێتەوە.

چەمچەماڵ

شوێنەواری چەرمۆ

ڕاهێنان :

مرۆڤ یەکەم جار لە کوردستان لە کوێ نیشتەجێ بووە و ئاوەدانی دروستکردووە ؟

چالاکی :

مامۆستای بەڕێز : کورتەیەك لەسەر گوندی (چەرمۆ) و دەڤەرەکە بۆ قوتابییەکانت ڕوونبکەوە .

مۆزەخــانە

مۆزەخانەی هەولێر

شوێنی هەڵگرتن و پاراستنی ئاسەواری دێرینی گەلانی ئەم سەر زەمینەیە . بە هۆی مۆزەخانەوە مێژووی گەلان وون نابێت . لە بە ناوبانگترین مۆزەخانەکانی جیهان ئەمانەن:
(مۆزەخانەی لەندەن ، لۆڤەر ، بەرلین ، میسر ، بەغدا)

چالاکی :
دەکرێ مامۆستا یارمەتی قوتابییەکانی بدات بۆ سەردانی مۆزەخانەی شارەکەی ئەگەر هەبێت ، یا لەرێگەی وێنەی جۆراوجۆر و هۆیەکانی فێرکردن شوێنەواری کوردستان بناسێت.

مۆزەخانەی هەولێر

مۆزەخانەی هەولێر دەکەوێتە شوێنەواری دێرینی (گردی قالیچ ئاغا) لە ناو شاری هەولێر. چەندین پەیکەر و پاشماوەی مێژوویی ئەم دەڤەرەی تێدا پارێزراوە و رۆژانە هاوولاتیان سەردانی دەکەن.

مۆزەخانە

مۆزەخانەی سلێمانی

لە شاری سلێمانی مۆزەخانەیەك هەیە ، پاشماوە و کەرەستەی کۆنی ئەم ناوچەیەی تێدا پارێزراوە . کە بۆتە گەنجینەیەك بۆ مێژووی گەلەکەمان .

مۆزەخانەی سلێمانی

هاونیشتیمانیبوون

بەشی یەکەم

خێزان

خێزان :- پێکهاتووه لە چەند کەسێك کە پێکەوە لە ماڵێکدا دەژین ، پەیوەندی کۆمەڵایەتی وخزمایەتی پێکەوەیان دەبەستێتەوە .

وێنەی خێزانێك

دووجۆر خێزان هەیە /

خێزانـــــــــــی بچووك : -لە دایك وباوك خوشك و برا پێکهاتووە .

خێزانـــــــــــی گەورە :- لەداپیرە و باپیرە ، دایك و باوك ، مام و پور و منداڵەکان پێکهاتووە، کە ژمارەی ئەندامانیان لە خێزانی بچووك زۆرترە، پەیوەندی کۆمەڵایەتی و خزمایەتی پێکەوە کۆیان دەکاتەوە .

راهێنان :

خێزانەکەی ئێوە لەکامە جۆرە ؟...

ژمارەی ئەندامانی خێزانەکەت چەند کەسن ؟.................................

کێن ئەوانەی خێزانەکەی تۆ پێکدێنن ؟..

دایــــك

ڕۆژانە خەریكی خزمەت وكاری ماڵە ، چێشت لێ دەنێ وخواردن دروست دەكات ، جل دەشوات و ماڵ بۆ ئەندامانی خێزانەكەی پاك دەكاتەوە . هەندێك لەدایكان سەرەڕای كاری ماڵەوە ، لەدەرەوەی ماڵیش وەك فەرمانبەر، مامۆستا ، پزیشك یا ئەندازیار ....هتد كاردەكەن . ئەركێكی یەكجار پیرۆز و گەورەیان لە ئەستۆ دایە ، چونكە پەروەردەی منداڵەكانیش دەكەن .

بۆیە پێویستە ڕێزی زۆری لێبگیرێت ، ڕۆژانە یارمەتی بدەین ، بۆئەوەی كەمێ لەماندووبوونەكەی كەمبكەینەوە ، بێزاریان نەكەین ، چونكە دایك مافی زۆری بە سەرمناڵەكانی هەیە .

لەكاتی پیربوون و پەككەوتن پاداشتی بدەینەوە ، هەمیشە ئەرك وماندووبوونەكەی لەبیر نەكەین.

بــاوك

بە ئیش وكارو فرمانی دەرەوە خەریكە ، پێداویستییەكانی ژیان بۆ خێزانەكەی دابین دەكات ، چ بەكاری ئازاد یا فەرمانبەری ، بۆیە پێویستە یارمەتی بدەین و دڵی خۆشبكەین باوك سەرەڕای سەرقاڵبوونی بەكاری دەرەوە و پەیداكردنی بژێوی ڕۆژانە بۆ خێزانەكەی ، ئامۆژگاری منداڵەكانی و ڕێنمایی خێزانەكەی دەكات ، فێری خۆشەویستی نیشتمان و ڕاستگۆی و دەستپاكییان دەكات ، تاوەكو لەدوارۆژدا ببنە كەسێكی بەوەفا و دڵسۆز بۆ وڵاتەكەیان و ئەندامێكی بەسود بن لە ناو كۆمەڵدا .

كــچ

دوای تەواوكردنی ئەركی قوتابخانە یارمەتی دایكیان دەدەن لەكارەكانی ماڵەوە .

كوڕ

دوای پشوودان و جێبەجێكردنی ئەركی قوتابخانە یارمەتی باوكی دەدات.

داپیر (نەنك)

ڕۆژانە چاودێری منداڵە بچووکەکان دەکات و یارمەتی دایکی منداڵەکان دەدات بۆ هێمنکردنەوەی منداڵەکان . ئێوارانیش بەسەرهات و چیرۆکی خۆشیان بۆ دەگێڕێتەوە تاخەوتنان.

باپیر

بە تەمەن داچووە وخۆشی وناخۆشی زۆری دیتووە ، شارەزایی زۆری لە ژیاندا پەیداکردوە ، بۆیە ئامۆژگاری هەموویان دەکات و ڕێنماییان دەدات ، تاوەکو تووشی هەڵە نەبن ، هەمیشە فێری ڕاستگۆیی و دەستپاکی و یارمەتیدان و کۆمەکی هەژاران و لێقەوماوان و خۆشەویستی دەوروپشت و نیشتمانیان دەکات .

چالاکـــــی:

خێزان لە دایك و........،..........، .... ، .... ، .... پێکدێت

ڕاهێنان

نیشانەی (√) یان (×) بەرامبەر بەم ڕستانە دابنێ و هەڵەکان ڕاستبکەوە .

١. ئەندامانی خێزان دەبێت تەبابن . ( ) .

٢. ئەرکی دایك پیرۆزە . ( ) .

٣. گەورە یارمەتی بچووك نادات . ( ).

٤. باپیرە وتی : لەناو خێزان پشت بەیەك ببەستن ( ) .

راهێنان

لە هەردوو بڕگەی (أ , ب) وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە و ڕستەکان ڕێك بخە :

أ	ب
١- هەموو ئێوارەیەك داپیرە	١- بەرەوبازاڕ دەکەوێتە ڕێ و یارمەتی باوکی دەدات .
٢- سۆران دوای نان خواردن و حەسانەوە	٢- یارمەتی دایکی دەدا و لەکاروباری ماڵەوە هاوکاری دەکرد .
٣- ئامێز دوای گەڕانەوەی لە قوتابخانە	٣- ڕێنمایی و ئامۆژگاری منداڵەکانی لە بیر نەدەکرد .
٤- سەرەڕای سەرقاڵبوونی باوکیان بەکاری گوڵفرۆشی	٤- چیرۆکێکی خۆشی بۆ منداڵەکان دەگێڕایەوە .

باپیرە و نەوەکانی

بەشی دووەم

دراوسێیەتی باش

ئەو ماڵانەی کەوتوونەتە دەورووپشتی ماڵەکەمان لە نێو کۆڵان و گەڕەکەکەمان پێیان دەوترێ دراوسێ . ئەوکەسانەی لەناو ئەو ماڵانە دەژین ، مافی زۆریان بەسەرمانەوە هەیە ،پێویستە ڕێزیان لێبگیرێت ، ئاگاداری خانوو وباخچە و ناوماڵ و کەل وپەلەکانیان بین ، لە کەسانی دز و خراپ بیانپارێزین ، وابکەین دراوسێکانمان هەردەم هەست بەخۆشی و پشوو و حەسانەوە بکەن . نەهێڵین دڵتەنگ و بێزاربن ، کاتی چوونەدەرەوەیان لە ماڵ و سامانیان دڵنیابن . دەنگ بەرزنەکەینەوە لەکاتی یاریکردن ، بەدەنگی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و بڵندگۆ سەریان نەیەشێنین . بەبێ پرس هەڵنەکوتینە سەرماڵی دراوسێکانمان ، بەشداری خۆشی وناخۆشیان بکەین . برا و خوشکە بچوکەکانمان ئامۆژگاری بکەین تێیانبگەیەنین ئەو دراوسێیانە خۆشەویست و هاوسێی ئێمەن ، چیمان بۆخۆمان ویست و پێمان خۆشبوو دەبێت بۆ ئەوانیشمان بووێت .

چالاکی :

مامۆستای بەڕێز / داوا لە قوتابییەکانت بکە گفتوگۆ لە بارەی دراوسێکانیان بکەن.

ڕاهێنـــــان

نیشانەی (√) بۆ ڕەوشتی چاك ، نیشانەی (×) بۆ ڕەوشتی خراپ دابنێ :

خووڕەوشت		خووڕەوشت	
ڕێز لەگەورە دەگرم.		یارمەتی پەککەوتە نادەم.	
پاش نانخواردن دەستەکانم ناشۆم.		لەسەر شەقام یاری دەکەم .	
ئەرکەکانی خۆم جێبەجێ دەکەم.		ئاسوودەیی دراوسێ دەپارێزم.	
حەزم لە خاوێنییە.		بەبێ لەدەرگە دان ناچمە ماڵی دراوسێ.	

بەشی سێیەم

پاراستنی پاکو خاوێنی ژینگەی قوتابخانە

بۆ پاراستنی پاکو خاوێنی پۆلەکەم گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکانی مامۆستاکەم دەبم. پاشماوەی خۆراك و تاشراوی قەڵەمەکەم و کەلوپەلی بێسوود هەمیشە دەخەمە ناو شوێنی تایبەتی کە بۆ زبڵ و خاشاك ئامادەکراوە ، فڕێی نادەمە سەر زەوی قوتابخانەکەم.

دیوار وکەل وپەلی پۆلەکان پیس نەکەین و نایانشکێنین . پارێزگاری لە ژینگەی قوتابخانەکەمان دەکەین.

ئامۆژگاری هاوڕێکانمان دەکەین کەهەمیشە ژووری پۆلەکان و گۆڕەپانی قوتابخانەکەمان و کۆڵان و شەقامەکانمان بە پاکی رابگرین ، هەرچیەکی ناشیرین و ناشیاومان بینی ئەگەر لە توانامان هەبێت لایدەدەین و دەیخەینە شوێنی تایبەت بۆکۆکردنەوە و فڕێدان . پۆلی پاك نیشانەی پاکی قوتابی و بەرزی رەوشتیەتی . ژینگەی پاك و پارێزراو رەنگدانەوەی رەوشت و پەروەردەی پاکی قوتابییە .

چالاکـــــــی :

مامۆستای بەرێز : دوو دەستە لە قوتابییان پێك بێنە بۆ ئەنجامدانی ئەم چالاکییە : (وەلام وگفتوگۆ)

١. قوتابی بەرێز چوار هۆ بژمێرە کە ژینگەکەت پیسدەکات .

٢. پیسی ژینگە لە سێ رووەوە کارمان لێ دەکات وەك پیسبوونی (هەوا ، ئاو ، خاك).

چالاکـــــــــــی :

چی بکەین باشە بۆ پاراستنی ژینگە ؟

مامۆستای بەرێز پرسیار لە قوتابییەکان بکە کەچۆن ژینگەی قوتابخانەکەیان دەپارێزن

بەشی چوارەم

یارمەتیدانی پیر و پەککەوتە و خاوەن پێداویستە تایبەتییەکان

مرۆڤ کەتەمەنی گەورەدەبێت ، توانای کارکردنی کەمدەبێت و پیردەبێت.

هەموو مرۆڤێك رۆژێك لە رۆژان بەتوانا بووە ، کەسانێکی زۆری پەروەردە کردووە ، بەلأم کە تەمەنی بەسەرچوو لەسەر ئەم شەنگ و توانایەی نامێنێت و پێویستی بەیارمەتی و دڵنەوای هەیە .

ئێمەی مندالأن کە کوڕ و کچ و نەوەی ئەوانین نابێ دڵیان بشکێنین و هەڵسوکەوتی ناشیرینیان بەرامبەربکەین ، دەبێ ڕێزیان لیبگیرێت و داوکارییەکانیان جێبەجێبکەین ، هەرچیان ویست زوو بێ دواخستن بۆیان ئامادە بکەین ،ئەمە کارێکی مرۆڤانەیە لەلایەك ، لەلایەکی دیکە ئێمەش دوای چەند سالأنێکی تر وەك ئەوان پێویستیمان بەیارمەتیدان و هاوکاری دەبێت.

پەککەوتەش وەك نابینا ، بێدەست و قاچ یا هەرئەندامێکی دیکە جەستەی لە دەستدابێت ، مافیان لەسەرمانە وەك مرۆڤ دەبێ یارمەتیان بدەین .

کاتێ نابینایەکمان بینی دەیەوێ لەشەقام بپەڕێتەوە ، دەبێ زوو بگەینە لای و دەستی بگرین و لە شەقام بیپەڕێنینەوە.

قوتابی خۆشەویست :-

ئەگەر جارێك کارێکت کردبێت یارمەتی پەککەوتەیەك یا نابینایەکت دابێت ، بۆهاورێکانت بگێڕەوە ، تاوەکو ئەوانیش چاو لەتۆ بکەن.

مامۆستای بەڕێز : -

زۆر لە خاوەن پێداویستیە تایبەتییەکان، رۆڵی گەورەیان لە ژیانی مرۆڤایەتی گێڕاوە ، قوتابییەکانت بە ناوی چەند لەو بلیمەتانە ئاشنا بکە.

چالاکـــــــی :-

پەککەوتەیـــــــــــی نەنگی نییە .....جوانی مرۆڤ لە مێشك و هەڵسوکەوتی دایە.

بەشی پێنجەم

خووڕەوشتی جوان

ڕێزگرتن لە مامۆستاو جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خوێندن ، پارێزگاریکردن لەکتێب و دەفتەرو کەلوپەلی خوێندن ، ڕێز گرتن لە دایك و باوك و کەسانی لەخۆمان گەورەتر.

پابەندبوون بە یاساو ڕێنماییەکانی هاتووچۆ ، پارێزگاریکردن لە پاکوخاوێنی ماڵ و قوتابخانەو شەقامەکان ، دڵسۆزی بۆنیشتمان و گەل و پارێزگاریکردن لە ژینگە ئەمانەو چەندانی دیکە هەمووی ڕەوشتی جوانی قوتابی دەردەبڕێت.

بەڕەوشتی جوان وڵاتی ئازاد و کۆمەڵی پێشکەوتوو بەرجەستەدەبێت.

چالاکی :

مامۆستای بەڕێز : داوا لە دەستەیەك لە قوتابییان بکە پەخشنامەیەکی خنجیلانەی سەر دیوار لەبارەی (خووڕەوشتی جوان) بۆ پۆلەکەیان دروست بکەن .

پێکەوە یاری کردن

مامۆستای بەڕێز :

١. پرسیار لە قوتابییان بکە کە چۆن کتێبەکانی دەپارێزێت ؟

٢. داوا لە قوتابییەکان بکە جگە لەم خوورەوشتانەی کە باسمان کردوون ، چەند خوورەوشتێکی دیکە دەستنیشان بکات.

رەوشتێکی جوانی دیکە ، دەستپاکییە و ئەگەر شتێکی دۆزییەوە یەکسەر دەیگێڕێتەوە بۆخاوەنەکەی ، ئەگەر نەشیزانی هی کێیە ئەوە دەیداتە مامۆستاکەی .

دوای وەرگرتنی مۆڵەت لە دایك و باوکی لە شوێنی تایبەت یاری دەکات ، ناچێت لەکۆڵانان یاری بکات کە دەبێتە هۆی بێزارکردنی دراوسێیەکانی .

پێرست

بابەت		لاپەڕە
جوگرافیا		
بەشی یەکەم : زەوی	....	٣- ١٦
بەشی دووەم : سەرچاوەکانی ئاو	....	١٧ - ٢٧
بەشی سێیەم : وەرزەکانی ساڵ	....	٢٨ - ٣٣
بەشی چوارەم : دانیشتوان	....	٣٤ - ٤٠
مێژوو		
بەشی یەکەم : ساڵنامە	....	٤١ – ٥٣
بەشی دووەم : شارە دێرینەکانی کوردستان	....	٥٤ – ٦٢
بەشی سێیەم : شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان	....	٦٣ – ٧٠
هاونیشتمانیبوون		
بەشی یەکەم : خێزان	....	٧١ – ٧٦
بەشی دووەم : دراوسێی و رێزلێنان	....	٧٧ - ٧٩
بەشی سێیەم : ژینگەی قوتابخانە	....	٨٠ - ٨٢
بەشی چوارەم : یارمەتی دانی پیرو پەککەوتە	....	٨٣ - ٨٤
بەشی پێنجەم : خو رەوشتی جوان	....	٨٥ - ٨٧
پێرست	....	٨٨